# راگەیاندنی پێکهاتنی "یەکێتی چەپی کوردستان"

وەکو پێویستیەکی سیاسی چارەنووسسازو بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازیەکانو پەراگەندەیی بزووتنەوەی چەپی کوردستانو بۆ گرێدانی هێزو توانای ئەو کەسایەتیو رێکخراوو لایەنانەی بەرگری لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو مەدەنیەکان دەکەنو خەباتدەکەن بۆ چاکسازی ریشەیی لەژیانو گوزەرانی خەڵکدا، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەو کارو هەڵسورانی سیاسیو

جەماوەری هاوبەشو فەراهەمبوونی زەمینەی یەکگرتن، سەرەنجام " کۆمیتەی کوردستانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق"، "پارتی چەپی کوردستان"، "کۆمەڵێك لەهەڵسوڕاوانی چەپو کۆمۆنیست" گەیشتن بە پێکهێنانی "یەکێتی چەپی کوردستان" وەکو هەنگاوێکی گرنگ بەمەبەستی فەراهەمکردنی پێویستیەکانو زەمینەکانی دامەزراندنی حزبێکی بنکەفراوانی یەکگرتوو.

ئامانجی سەرەکی "یەکێتی چەپی کوردستان" دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو دادپەروەرو خۆشگوزەرانو بێ چینو چەوسانەوەیەو لەچوارچێوەی ئەم ئامانجەدا تێدەکۆشین بۆ:

1. چارەسەری کێشەی کورد لەسەر بنەمای بەرەسمی ناسینی" مافی دیاریکردنی چارەنوس"، تائاستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەم مافە لەیاساکانو دەستوری عێراقدا جێگای بۆ نەکراوەتەوەو نکوڵی لێدەکرێت بۆیە "یەکێتی چەپی کوردستان" وەکو ئامانجێکی سەرەکی لەم بارودۆخەدا خەباتی دەکات.

2. دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیو دیموکراتیو عەلمانی لەکوردستان، لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوان بەبێ جیاوازی نەتەوەییو ئاینیو تائیفی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنو گۆرینی پەرلەمانی ئێستاو دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ کەپشت بەدەنگدانو بەشداری راستەوخۆی خەڵك ببەستێتو دیموکراسیەتی راستەخۆ لەبەرێوەبردنی کوردستاندا پەیرەو بکات.

3. نەهێشتنی کێشەی گەندەڵی سیاسی، ئیداریو ئابووری لەکوردستان.

4. دابینکردنی ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان لەچەشنی ئازادی بیرورا، رۆژنامەگەری، رێکخراوبوون، خۆپیشاندانو مانگرتنو جێگیرکردنیان لەدەستوورو یاساکاندا.

5.دامەزراندنی سیستمێکی ئابووری لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی چەوسانەوە، پەرەدان بەخاوەنداریێتی گشتیو دەخالەتی دەوڵەت لەدامەزراندنو بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا، دابینکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیو کۆمەڵایەتیەکان.

6. باشکردنی ژیانو گوزەرانی موچەخۆرانو چینوتوێژەکانی خوارەوە، دیاریکردنی لانی کەمی کرێو موچە بەپێی پێویستیەکانی ژیان، دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاری بۆ هەمووکەسێکی ئامادە بەکارو کەمکردنەوەی بەرپرسیارێتی ئابووری خێزان بۆ مناڵاو پیرو پەککەوتەکانو سپاردنی بەدەوڵەتو فروانکردنی سیستمی زەمانەتە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی.

7. بەرگری لەژیانو مافەکانی چینی کرێکار، خەبات بۆ داڕشتنی یاساکارێکی پێشکەوتوو کەمافو داخوازیەکانی کرێکارانی کوردستان لەخۆبگرێت.

8. بەرگری لەمافی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو و نەهێشتنی هەڵاواردنو ستەم لەسەر ژنان لەیاساکانو لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا.

9. ...........

"یەکێتی چەپی کوردستان" ئەو مافو ئامانجو داخوازییانەی سەرەوە بەسەرخەتی گشتی پلاتفۆرمی سیاسی خۆی دەزانێتو بۆ بەدیهێنانیان تێدەکۆشێت، هاوکات بۆ خۆئامادەکردنو خۆرێکخستنی زیاتر خەریکی زەمینەسازیە بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتێکی خەباتکاری یەکگرتوو، لەوبارەیەوە داواکارین ئەو لایەنو کەسایەتیە چەپو پێشکەوتنخوازانەی ئەم پلاتفۆرمە بە هی خۆیان دەزانن، لەمپرۆسەیەدا بەشدارو هاوکارو هاوخەباتمان بن.

هەروەها "یەکێتی چەپی کوردستان" کاری هاوبەشو پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی بەپێویست دەزانێتو بۆ ئەو مەبەستە دەستی هاوکاریو هاوخەباتی بۆ هەموو ئەوانە درێژدەکات کەشەریکی هەموو، یان بەشێك لەو داخوازیانەی سەرەوەن.

**یەکێتی چەپی کوردستان**

**لیژنەی باڵا**

2008/11/25